
# تائێستاش بە چەک ڕێگری لە خۆشەویستی نێوان کچان و کوڕان دەکرێت



**توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دیاردەیەکی جیهانییە و لەناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دیکە ڕێژەکەی جیاوازە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر و نەبوونی ناوەندێکی متمانەپێکراو بۆ پاراستنی شکۆی خانمان و نەمانی دەسەڵاتی کوردی لە کەرکوك ڕێژەی توندوتیژییەکان لە هەڵکشان بووە. بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ٢٩ی تەمووزی ٢٠١٩ لە گەڕەکی (حەی واستی) شاری کەرکوک لە سەربانی ماڵێکی گەڕەکەکە کوڕ و کچێك لەلایەن باوکی کچەکەوە بینران، دواتر باوکی کچەکە کوڕەکە بە ناوی (م،م،ك/ لەدایکبووی (١٩٩٨) بە چەکی جۆری کلاشینکۆف کوشت و کچەکەشی لە ترسان لەسەربان خۆی فڕێ دایە خوارەوە و بەو هۆیەوە بە سەختی بریندار بوو، لەئێستادا تەرمی گەنجەکە گواستراوەتەوە بۆ پزیشکی دادوەریی کەرکووك و کچەکەش بە برینداری لە نەخۆشخانەی (جمهووری) کەرکووکە و باری تەندروستیشی ناجێگیر بووە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

نەجیبە ئەحمەد بەرپرسی ڕێکخراوی ئافرەتانی کەرکووکی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەمجۆرە تیشك دەخاتەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکانی شاری کەرکووك: «ژیانی ئێستای خەڵك لەو شارەدا پڕە لە کارەسات و ڕۆژ بە ڕۆژ کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و کێشەی ئافرەتان بەتایبەتی ڕوو لە زیادبوونن، بەداخەوە لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کچان بێ ئەوەی خوێندن تەواو بکەن، لە تەمەنێکی بچووکدا بەزۆر هاوسەرگیرییان پێ دەکەن، لەکاتێکدا ئەو کچانە هێشتا منداڵن و پێویستیان بە پەروەردەکردن و چاودێریکردنە، کەچی بەرپرسیارێتی ماڵ و منداڵیان بەسەردا دەسەپێنن، هەربۆیە ژیانیان پڕ گرفت و کێشە دەبێت و زۆرجاریش بە تەڵاق کۆتایی دێت، حەیف ئەو منداڵانە باجی هەڵەی گەورەکان دەدەن، چونکە ئەوان کە دایك و باوکی کچەن، ئازادیی خوێندن و ئازادیی هەڵبژاردنی هاوسەر بە دەستی خۆیانە نەك کچەکانیان، خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش هۆکارێکی دیکەی سەرهەڵدانی کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکانە کە زۆرجار دەگاتە کوشتنی کچ و ژنانی بێ ئەزموون، پێویستە سنوور و سانسۆر هەبێت بۆ کەمکردنەوەی ئەو تاوانە گەورەیە، چونکە کوشتنی ئافرەت لە کەرکووك زۆر زیادی کردووە، هۆکاری سەرەکیش پەروەردە و کولتووری سەقەتی کۆمەڵگەیە، کە بەداخەوە ڕۆژانە هەواڵی کوشتنی ئافرەت بە دەستی باوك و برا و هاوسەری دەبیستین، دواجار کوشتنەکەش دەدەنە پاڵ شووشتنەوەی شەرەف و کرینەوەی نامووس و کەسی بکوژ داڵدە دەدرێت و دەڵێن قەزاوقەدەر بوو، زۆرجاریش ئەوەندە هەڕەشە لە ژن دەکرێت، دەرەنجام ناچاری دەکەن پەنا بۆ خۆکوشتن و خۆسووتاندن ببات، کە خۆکوشتن و خۆسووتاندنیش ڕوویدا، دەڵێن کێشەی دەروونی هەبوو، کە خۆیشی سووتاند، ناڵێن پیاوەکان گیرۆدەی دەردی نێرسالارین، جێگەی داخیشە لە ئێستادا کە کەرکووك داگیرکراوەتەوە، ئافرەتانی شارەکە هیچ بڕوایەکیان بە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان نەماوە.»

سەبارەت بە هەمان ڕووداو ماجید خەلیل مامۆستای زانکۆ و سەرۆکی بەشی مێژوو لە کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی گوتی: «ئەم ڕووداوە دەرهاویشتەی مانەوەی هەموو بەها کلاسیکی و کولتووری و کۆنخوازییەکانی ئایین و کۆمەڵی فیوداڵە. ئەو کۆمەڵەی تاوەکو ئێستاش کار لەسەر ورووژاندنی چەمکە ناتەندروستەکانی شەرەف و شکۆی پیاوسالاری دەکات. لەم ژینگەیەدا پیاو خاوەنداریی بەسەر هەموو بەها ئەخلاقییەکانەوە هەیە و هەموو زەمینەیەکی خۆشەویستی و نێزیکییەکی ژن بۆ پیاو باڵادەستی پیاوەو نزمیی ژنە، بۆیە ماڵباتی ژن لەم هاوکێشەیەدا سەرشۆڕن. ئەم پڕەنسیپە نەتەوەکانی تر سەدان ساڵە تێیان پەڕاندووە، بەڵام لە نەریتی کورددا گەرمەیەتی. دیارە هەوڵدان بۆ پێکگەیشتن بەو جۆرە قاچاغ و نهێنییە، دەرهاویشتەی کەپت و کلۆمدانی ئازادییە. لەکۆمەڵی پەرەسەندوودا نێزیکی کوڕو کچ نۆرماڵە و لە دەرەوەی ڕووشاندن و سووکایەتییە. لێرە کولتوورێکی کەپت ڕام کراوە و بە نهێنیی کاری خۆی دەکات. لەگەڵ ئاشکرابوونیشی کارەساتی لەو جۆرە دەخوڵقێ. بۆ بڕینەوەی ئەم دیاردە دزێوە پویستمان بە ئازادییە، پێویستمان بە ئازادیی عەقڵە، پێویستمان بە سەربەخۆبوونی بڕیارە لە خۆشەویستی و ئەتواری گەنجانەدا، پێویستمان بە دیموکراسییە، تاوەکو بڕیاری دۆستایەتی و زەواج و هاوڕێیەتی مانای سەرشۆڕی و نەنگی و سووکایەتی نەگەیەنێ.

**خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش هۆکارێکی دیکەی سەرهەڵدانی کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکانە کە زۆرجار دەگاتە کوشتنی کچ و ژنانی بێ ئەزموون**

**ڕۆژانە هەواڵی کوشتنی ئافرەت بە دەستی باوک و برا و هاوسەری دەبیستین، دواجار کوشتنەکەش دەدەنە پاڵ شووشتنەوەی شەرەف و کرینەوەی نامووس و کەسی بکوژ داڵدە دەدرێت و دەڵێن قەزاوقەدەر بوو**

**لە ئێستادا کە کەرکووک داگیرکراوەتەوە، ئافرەتانی شارەکە هیچ بڕوایەکیان بە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان نەماوە**



# کوشتنی ئافرەت بە پاساو و بیانووی جۆراوجۆر بەردەوامە و داوای ڕێگریکردن لەو تاوانە دەکرێت

سەرەڕای هەوڵەکانی ڕێکخراوە حکوومی و ناحکوومییەکان کوشتنی ئافرەت بە پاساو و بیانووی جۆراوجۆر بەردەوامە و توێژەرانی کۆمەڵایەتیش ئاماژە بە مەترسییەکانی ئەو دیاردەیە دەکەن و داوای دۆزینەوە ڕێکارێک دەکەن کە ڕێگری لە زیادبوونی ئەو تاوانە بکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

بەرەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٣٠ی تەمووزی ٢٠١٩ کەسێك بە ناوی (م،م،ع) بە سێ فیشەك خوشکەکەی خۆی بە ناوی (س،م،ع/ لەدایکبووی (١٩٨٦) لەبەردەم ماڵی خۆیان کوشت. کوژراوەکە خێزاندارە و دایکی سێ منداڵە، بە وتەی کەسوکاری ماوەیەکە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە و چەند ڕۆژێك پێش کوشتنی بەهۆی کێشەی خێزانی براکەی لێی داوە و ئەویش سکاڵای لەسەر تۆمار کردووە، دواتر براکەی کوشتوویەتی، دوای تاوانەکەش بکوژەکە هەڵهاتووە و تا ئێستا دەستگیر نەکراوە.

توێژەری کۆمەڵایەتی فازل عومەر، لە بارەی ئەو تاوانە و دیاردەی کوشتنی ئافرەتان بە بیانووی جۆراوجۆر دەڵێت: «دیاردەی کوشتن هەڵقوڵاوی کەلتوورە و هۆکارە سەرەکییەکەشی پەروەردەیەکی سەقەتی کەلتوورییە، بۆیە مرۆڤەکانی ناو ئەم کەلتوورە بە نێر و مێیەوە دەبنە قوربانی، بەتایبەتی ژنان کە لەلایەن

کەسی نزیکی خۆیانەوە دەکوژرێن. بەپێی پەروەردە و واقیع کاردانەوەی پیاو لە دۆخێکی وادا واقیعییە و جێبەجێکردنی ئەرکێکی پەروەردەییە، لە کاتێکدا ئەو پەروەردە و کەلتوورە بە پیرۆز دەزانێ. مرۆڤ لەناو پرۆسەی پەروەردەییدا هەر وەردەگرێت، بۆیە لە قۆناغێکدا پێویستی بە پێداچوونەوە و ڕێکخستنی تەواوی ئەو شتانە هەیە کە وەریگرتوون، ئەمەش پێویستی بە کەناڵی بەهێز هەیە، کە دەڵێین بەهێز، مەبەست ئەوەیە بەهێزتر بن لە کەلتوور، کە بەداخەوە تا ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێمە ئەوە نەخەملیوە، بۆیە تاوانێکی وا ڕوودەدات و دەبێ یاساش ڕێکاری خۆی لەبەرامبەریدا وەربگرێت.»

ڤیان حوسێن چالاکی مەدەنییە و ڕایوایە: «تاوان هەر تاوانە، ئەگەر لە بەرامبەر بە هەر مرۆڤێك بکرێت، جا چ مێ و چ نێر. بەداخەوە تاوانی کوشتن زۆر بووەو ئافرەتیش زۆرترین ڕێژەی قوربانی بەرکەوتووە. بۆیە پێویستە بە

دوای سەرچاوە و هۆکارەکانیدا بگەڕێین، کە سەرەکیترینیان جۆری پەروەردەیە، واتە زۆر پێویستە چاوێك بە شێوازی پەروەردەکردنماندا بخشێنین و بە هەموو لایەنێکەوە بۆ هوشیاریی تاك هەوڵ بدەین و یاسا سەروەری و ترس لێ یاساشکێنی پەرە پێ بدەین. واتە لەو بوارەدا ئەگەر بە بەرنامەکردنی جددی هەبێت، ئەوا دەکرێت بڕیاری کاتی تووڕەیی رامانی لەسەر بکرێت و زمانێکی نەرم و گفتوگۆ جێگەی هەر جۆرە تاوان و توندوتیژییەك بگرێتەوە. کاتێ پەروەردە لە بونیادەوە کەموکووڕی و هەڵەی گەورەی تێدا بێت، ئاکامەکەی ئەو هەموو توندوتیژی و دڕندەییە دەبێت، کە زۆر جار بە کوشتن کۆتایی دێت. بۆیە ئێمە پێویستمان بە وەستانێك و بیرکردنەوەیەکی فراوان و گشتگیر هەیە بۆ هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر حاڵی ئەمڕۆی ژیانماندا هاتووە.»

گوتیشی: «سەرەڕای ئەو هەموو پێشکەوتنەی لە باری ژیانی ژناندا هەیە لە رووی خوێندن و کاری دەرەوەی ماڵ و ئابووری و داهاتی سەربەخۆ، هەروەها سەرەڕای چالاکی و کاری ستراتیژی و دۆزینەوەی میکانیزمی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی هێشتا تاوانی کوشتنی ژنان بەردەوامە و لایەنی پەیوەندیداری حکومەت و میدیا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێت زۆر زیاتر و جددیتر کار بۆ هۆشیاریی تاك و ئاشناکردنی بە یەکسانیی نێر و مێ و یەکسانیی کۆمەڵایەتی بکەن. دەبێت گۆڕانکاری لەو نەریت و کەلتوورەدا بکرێت کە

پارێزەری شەرەفی خێزانێك لەژێر دەستی یەك کەسدا بێت و دەکرێت هەر تاکێك بەوە وا پەروەردە بکرێت کە خۆی پارێزەری شەرەفی خۆی بێت، جیا لەوە هەردوو رەگەز بارمتەی ئەو سیستەمە نەریتییە دەبن، کە بەردەوام تاوانی کەیسی کوشتنی لێ دەکەوێتەوە.

پێویستە حکومەت و پەرلەمان و میدیا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەستن بە رێکخستنی پلانێك بۆ بە پڕۆگرامکردنی پەروەردەی تەندروست و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، پێویستیشە پلانەکە جێبەجێ بکرێت و تەنیا لە ژوارچێوەی دروشمدا نەبێت. ئەو پلانە دەبێت گۆڕینی سیستمی پەروەردە لە ماڵ و قوتابخانە و شەقام لەخۆ بگرێت، بەجۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ ئەو رۆشنبیرییە باوەی کە لە واقعی ئێستادا هەیە.»

مرۆڤ لەناو پرۆسەی پەروەردەیدا هەر وەردەگرێت، بۆیە لە قۆناغێکدا پێویستی بە پێداچوونەوە و رێکخستنی تەواوی ئەو شتانە هەیە کە وەریگرتوون

تاوانی کوشتن زۆر بووەو ئافرەتیش زۆرترین رێژەی قوربانی بەرکەوتووە. بۆیە پێویستە بە دوای سەرچاوە و هۆکارەکانیدا بگەڕێین

پێویستە چاوێک بە شێوازی پەروەردەکردنماندا بخشێنین و بە هەموو لایەنێکەوە بۆ هوشیاریی تاک هەوڵ بدەین و یاساسەروەری و ترس لێ یاساشکێنی پەرە پێ بدەین

ئەگەر بە بەرنامەکردنی جددی هەبێت، ئەوا دەکرێت بڕیاری کاتی تووڕەیی رامانی لەسەر بکرێت و زمانێکی نەرم و گفتوگۆ جێگەی هەر جۆرە تاوان و توندوتیژییەک بگرێتەوە





# گەنجانی کەرکووک بە چاوی ئومێدەوە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان دەڕوانن

**لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و هاتنی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بۆ کەرکووک، ڕەوشێکی سەربازی و ئەمنی بەسەر شارەکەدا سەپێندراوە، ئەو ڕەوشەش کوردانی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی نیگەران کردووە، باری نایاسایی و نائاسایی شارەکەش وایکردووە، تەنیا لە ماوەی مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ تاوەکو مانگی تەممووز، ٣٩ هەزار و ٢٨٦ کەس لە نەتەوەی عەرەب بۆ سەر پارێزگای کەرکووک گواستراونەتەوە. ئەوەش بە گوێرەی ئامارێکی کۆمپانیای خۆراکی وەزارەتی بازرگانی عێراقیە و هاوردەکردنی عەرەبیش لە شارەکانی عێراقەوە بۆ ناو شاری کەرکووک، لە کاتێکدایە کە بڕیارە لە ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کەرکووک ئەنجام بدرێت. گەنج و لاوی خوێنگەرمی کەرکووکیش داوای وەستاندنی ئەو پیلانە دەکەن و هاوکات خوازیارن لەژێر چەتری کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستاندا خەونەکانیان بەدی بێت.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی


**سەرجەم چین و توێژەکانی کەرکووک ئومێدی تەواویان بە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمە کە وەک کابینەکانی پێشوو بە چاوی سۆزو خاوەندارێتیی راستەقینەی شارەکەوە خزمەت بکەن**

سەرەتا هەرێم نەسرەدین کارگێڕی لقی زانکۆ و پەیمانگەکانی کەرکووکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، باسی ئەوە دەکات کە «سەرجەم چین و توێژەکانی کەرکووك ئومێدی تەواویان بە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمە کە وەك کابینەکانی پێشوو بە چاوی سۆزو خاوەندارێتیی راستەقینەی شارەکەوە خزمەت بکەن.» هاوکات دەڵێت: «ئامانجی سەرەکیی یەکەم سەردانی فەرمیی شاندی باڵای حکومەتی هەرێم بۆ بەغدا ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووك بوو، چونکە کوردستانییان و دەسەڵاتی کوردی جیاواز لە عێراقییەکان لە داهاتووی کەرکووك دەڕوانن، سەرەڕای ئەوەی ئێستا کەرکووك بەناو لە سەر عێراقە، بەڵام لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە هەتاکو ئێستا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە سەدان پرۆژەی گەورەی خزمەتگوزاری بۆ شارەکە جێبەجێ کراوە.»

**ئامانجی سەرەکیی یەکەم سەردانی فەرمیی شاندی باڵای حکومەتی هەرێم بۆ بەغدا ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک بوو**

هەرێم نەسرەدین هێما بۆ ئەوەش دەکات کە «لە سەرەتای هێرشی داعش کە ئەوکات هێزە عێراقییەکان لە هەڵاتندا بوون، هێزی پێشمەرگەی کوردستان سنوورەکانی کەرکووکیان پاراست و پارێزگارییان لە خاکی کوردستان کرد و سەدان شەهید و هەزاران بریندارییان دا.» گوتیشی: «ئێمەی کەرکووکی ئومێدی تەواومان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە بە سەرۆکایەتیی رێزدار کاك مسر و ر بارزانی کە کۆتایی بە نەهامەتییەکانی کەرکووك بێت و کەرکووك بۆ هەمیشە لەژێر چەتری دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئارام و سەقامگیر بێت.»

ڤیان نەسرەدین دەرچووی زانکۆیە و سەرەتا دەستخۆشی لە کابینەی نۆیەم دەکات، بەوەی کە «سێ وەزیری ئافرەت لەم کابینەیە رۆڵ و پێگەی دیاریان پێ دراوە و هیوادارم بە هەمان بیرکردنەوە لە دامودەزگاکانی دیکەدا کار بکرێت.» گوتیشی: «ئومێدەوارم لەکابینەی نۆ زیاتر کار لەسەر پاراستنی مافەکانی ئافرەتان بکرێت لە کوردستان و یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان برەوی پێ بدرێت و یەکسانی بچەسپێت لەم چوار ساڵەدا، ئێستاش ئومێدێکی زۆرمان بە سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەڕێز کاك مسرور بارزانی هەیە لە هەموو بوارەکاندا و بە سەیرکردنی رابردوویان چاوەڕوان دەکرێ، دەستکەوت زۆر گەورە بە گەلەکەمان ببەخشن، وەك کچێکی گەنج و دەرچووی زانکۆش کە تا ئێستا دانەمەزراوم و هەلی کارم بۆ نەڕەخساوە، ئومێدم هەیە لەسایەی ئەم کابینەدا خەوەنەکانم بەدی بێت. هیواداریشم سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان



چاوی تەواوی لە سەر کەرکووك بێت بۆ ئاوەدانکردنەوە و ئاساییکردنەوەی دۆخی شارەکە تا ئێمەش بە ئاسوودەیی بژین.»

مەریوان حەکیم جەباری کادیری لقی ١٩ی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ئەو وزە و لێهاتوویی و داهێنانەی لە گەنجاندا بەدی دەکرێت، بێ وێنەن ئەگەر دەرفەتیان بۆ بڕەخسێندرێت. بەڵام بەداخەوە گەنجانی کوردستان زۆربەیان دوودڵن لە بەدیهێنانی دوارۆژێکی گەش، هۆکارەکانیشی زۆرن و لەسەرووی هەموویانەوە، نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نەبوونی ئابوورییەکی پتەو جێگر، نەبوونی پلان بۆ دامەزراندن لەسەر بنەمای کێبڕکێ، بڵاوبوونەوەی مەنسوبیەت و مەحسوبیەت، ناکۆکیی نێو پارتەکان، بوونی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، نەبوونی بەرچاوڕوونیی لە دوارۆژی کوردستان و سەربەخۆیی، نەبوونی یاسایەکی کاری گونجاو کە هێزی کار هەست بکات مافی پارێزراوە، واتە کێشەکان زۆرن، بەڵام ئومێدی زۆرمان بە کابینەی نۆیی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە سەرکردەیەکی گەنج و بەتوانا و بەئەزموون سەرۆکایەتیی کابینەکە دەکات، دڵنیاشین کە کابینەی نوێ بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار مسرور بارزانی هێز و توانای گەنجان وەگەڕ دەخات بۆ بەرەوپێشچوونی کوردستان و هیواداریـن هەلی کاریش بدۆزرێتەوە بۆ گەنجان، چونکە تا ئێستا لە بچووکترین حەز و ئارەزووە ئینسانییەکانیان بێبەشن.» گوتیشی: «هیوادارم دەستی هاوکاری لە کەرکووك نەبڕدرێت، چونکە کەرکووك کوردستانییە و پێویستی بە ئاوڕدانەوەی جددی هەیە و ئومێدم هەیە کابینەی نۆیەم ببێتە جێگای ڕەزامەندیی گەنجانی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.»

**کەرکووک کوردستانییە و پێویستی بە ئاوڕدانەوەی جددی هەیە و ئومێدم هەیە کابینەی نۆیەم ببێتە جێگای ڕەزامەندیی گەنجانی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم**

ڕۆژنامەنووس هۆزان حەیدەری، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «دانیشتووانی ناوچە دابڕاوەکان چاوەڕوانن لەم کاتە پڕ لە ئاڵۆزییە ئەم خاڵانەیان بۆ جێبەجێ بکرێت: یەکەم، بێبەشنەکردنی ئەو گەڕەکە کوردییانە لە خزمەتگوزاری کە لەلایەن ئیدارەی شاری کەرکووکە بێبەش کراون. دووەم، وەرگرتنی دەرچووانی پۆلی دوازدەی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم و پێدانی کورسی لە خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) بە ژمارەیەك لە دەرچووانی زانکۆ، تاوەکو لە زانکۆی کەرکووك بتوانرێت دابمەزرێن و ڕێژەی کورد زیاد بکات. چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە فەرمانگە حکوومییەکانی کەرکووك کوردێك لا دەبرێت و عەرەبێك لە جێگەی دادەنرێت.» گوتیشی: «گەورەترین ڕووخان ئەمساڵ لە خوێندنی کوردی بوو لە کەرکووك، چونکە ڕێژەی دەرچووەکان لە سەدا ١٥ بوو، هەروەها ئەو گەڕەکانەی کە کوردی لێ نیشتەجێن، بە هەزاران بیانوو تەعریب دەکرێن و ڕۆژانە هەوڵی دەرکردن و ڕووخانی خانووەکانی کوردەکان دەدرێت لەلایەن ئەو دەسەڵاتەی کە ئێستا خاوەنی شارەکەن و هەموو غەدرێك لە کورد و هەموو ئاسانکارییەك بۆ عەرەب دەکەن.

**ئێمەی کەرکووکی ئومێدی تەواومان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار کاک مسرور بارزانی کە کۆتایی بە نەهامەتییەکانی کەرکووک بێت**

